# شەونم

هۆنراوەی (67)

اگر برخيزد از دستم كه با دلدار بنشينم

بەشەرتێ هاودەمی یار دەس بدا و تاوێکی بیبینم
نەسیبم بادەی بەختە و لە باغی وەسڵی گوڵچینم
شەرابی تاڵی سۆفیکوژ رەگ و ریشەی دەرێناوم
بنێ دەم ناو دەمم ساقی بسێنە گیانی شیرینم
ئەمن واوێدەچێ شێت بم لە عیشقی تۆکە شەوتارۆژ
لەگەڵ مانگێ دەدرکێنم لە گەڵ پەریانە خەودینم
دەمت شەکری بە مەستان داوە، چاوت مەی بە مەینۆشان
بەتەنیا هەر منم بێبەش، نەلەوچینم نەلەم چینم
شەوی مردن لەسەر جێ را دەچم بۆ قەسری حورالعین
لە لای سەرما ئەگەر تۆبی شەمی چاوپڕ لە ئەسرینم
کە هەر خاکێکی با هێناویە لوتفێ بوو لە ئەنعامت
لە حاڵی نۆکەری خۆت پرسە چووکێکی لە مێژینم
نەهەرکەس هات و لافی نەزمی لێدا دڵگرە شێعری
ئەمن راوی تەزەروم کردووە چالاکە شاهینم
بڕۆ گەر باوەڕێ ناکەی لە نەققاشانی چین پرسە
کە داوای نوسخە شێعری من دەکا مانی بە تەمکینم
بەیانی باشی گوت بولبول لە کوێی مەیگێڕەکەم هەستە
زرینگەی دێ لە کەڵلەم دا هەوای چەنگی شەوێ دینم
هەواڵی عیشق وسەرمەستی لە من پرسە نەکوو حافز
لەگەڵ جام و قەدەح هەر شەو لە خزمەت مانگ و پەروینم

حافزی حەقیقی